# لەم رۆمانە زیاتر، نامێنێ

**(١-٢)**

لەوە دوودڵ نیم بگەڕێمەوە سەر ئەوەی دەستم لێهەڵگرتووە. ئاخر.. بوون، ژیان، گەردوون، سووڕانەوەیە، دووبارە و هەزار و ملیۆنان جار بوونەوەیە، لە روو وەرگرتنە (کۆپیکردنەوەیە).

ملیۆنان جار هەمان شت لە رووی یەکتر دەگرینەوە. چاومان بەو خوولانەوە و بەخۆگەیشتنەوە، راهێناوە. گوێمان لە گرمەی دهۆڵ ئاسای خوولانەوەی گۆی زەوی نییە، کە لە هەمان چرکەدا بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە و بە خەتی تەوەری دا بە دەورگردی هەتاوا دەڕوا.

ئەگەر بزانن گوڵ چەند حەز لێیەتی تا دوایین چرکەی گەشبوونی هەر بە لقەکەیەوە بمێنێ و، لەوێدا سیس و ژاکاوە هەڵوەرێ.. ئەبەد گوڵێک لە شاخەکەی ناکەنەوە. ئایا هەوڵتان داوە، لە کاتی قەتاندنی گوڵێک، فریادی هێمنی ئەو ببیەن (ببیستن)؟ گوێتان لە ژاوەژاوەی بێهوودەی ململانێی پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی بەشەر، ئاخنیوە.

بۆنی گوڵ لە جەرگی خاکەوە دێ.

رەنگی گوڵ لە رەنگی هەتاوەوە دێ.

هەتاو و ئەرز و ئەستێرەکان و کاکێشانەکان و، بەرد و دەریا و چیا و درەخت و گیانلەبەران، گشت یەک (بوون)، بوون.. ئەو وەختەی ئەلەکترۆن یەک بوو، بوو بە دوو و، ئەو وەختە ئەو (بوونە) بێدەنگ و ئارامە، تەقیەوە، ئەم گەردوونەی لێخولقا..

تۆ، ئەی ئادەمیزاد، سەرەتای مێژووت لەو تەقینەوەدایە.. وەختێک لە منداڵانی دایکا دەبی بە گیاندارێکی ئێجگار بچووک و، بەرەو (بوون لەم گەردوونەدا) پەروەردە دەبی.. تا ئەو چرکەیەی کە لە بەهەشتی دایکت جودا دەبیتەوە، لە ماوەی چەند مانگێکی (ئەبەدیدا)، ملیۆنان ساڵی ژیان و بوون دووبارە دەکەیتەوە، گشت قۆناغ و وێستگەکانی بوونی گیانلەبەر دەبینی «بەڵام ئێستا ناهۆشیار و بێئاگای لەوەی کە لە سەفەرێکی هەزاران ملیۆن ساڵەوە، هاتوویتەوە».

لە منالیشەوە، لەو کاتەی گروگاڵتە، تا پیری و مردن (پەڕینەوە بەرەو ئەو دیوی پەردە سەرای بوون)، مێژووی گشت ژیانی کۆمەڵایەتی بەشەر دەبڕی و دووبارە دەکەیتەوە.. تۆ، هەمیشە هەبوویتە و، هەمیشە هەی.

پەڕەسێلکە ژینگەپارێزە.

خەریکە، لە بنمیچەکە، دیواری لانەکەی بەرەو سەرەوە ببات. پەڕەسێلکە، لانەکەی، بە ئەندازەی خۆی و هاوسەرەکەی بونیات دەنێ، نە زیاتر، نە کەمتر... ئەوەندەیە چەند هێلکە و چەند جووجەڵەی تێدا جێبێتەوە. بە کەمترین قوڕ و پووش و پەڵاش، بە بێدەنگ و «بێمۆڵەت»، لانەکەی بە دیوارا دەچەسپێنێ هەتا لە زۆربەی مەترسییەکانەوە دوور بێ. ئەوەندەشی بەسە تا جووجەڵەکانی دەکەونە باڵ و هەڵدەفڕن. ساڵێکی دیکە دەگەڕێنەوە هەر لە هەمان جێگە لانە دەرازێننەوە..

پەڕەسێلکە هونەرمەندی میعمارییە، دەزانێ کە هونەری دامەزراندن ئەوەیە، لە شتەکانی سروشت شتێکی نوێ دابهێنێ.. داهێنەرە!

خاک ئاوێتەی گەرمایی و تیشک و وزەی هەتاوە.

خۆر کوورەیەکی مەزنی گازی هایدرۆجینە، هەمیشە گڵپە و بڵێسەی دێ، تا ئەو چرکەیەی کە دەکوژێتەوە.

پەڕەسێلکە، ئەبەد، بیر لەو دەمە ناکاتەوە. ناوجەرگی خاک ئاوێتەی بۆن و بەرامەیە. ناخی گۆی زەوی گڕکانێکی پڕ لە خرۆشە.

مشتێکی خاک و خۆڵ، لە هەر کوێ، بگریتە مشت... وا بزانە کە گشت دنیات لە مشتە. پیاز و تۆوی گوڵم لە چەندین خاکی وڵاتی رۆژاوا و رۆژهەڵاتەوە بۆ خاکی کوردستان ئانین، لێرە، شین بوون و، گوڵیان کرد.

تۆ و من و گشت ئادەمیزادان و، گیانلەبەران و گیا و درەخت و دارستانەکان، خزم و کەسوکاری یەکین.. هەموو یەکین، هەموو گیانێکین لە هەزاران و ملیۆنان قاڵب و شێوە و تەندا.

گشت رۆڵەی گەرد و تۆزی گەردوونین. بەپێی نوێترین دۆزینەوەی زانستی فیزیا، سەرەتای ژیان لەگەڵ خۆڵ و گەردی گەردوون بەسەر سنگی ئەرددا باریوە. لە قووڵاییەکی دوورەوە هاتووین. سەفەرێکی دوورمان بریوە. پەلەی ناوێ. لەوە زیاتر سروشت وێران مەکەن، بەخۆی پێکا دەئاڵێ و دەتەقێتەوە. پەلە مەکەن... هەر خاکەناز و، دەمی هەر شۆفەڵێک، بەر خاک و خۆڵ دەکەوێ، کسپە لە جەرگی گەردوونەوە هەڵدەستێنێ.

پێتان وایە شتی جوانتر، لەوەی کە ئێستا لە رووی زەویی پاکرەوان دیارە، دروست دەکەن؟ ئەبەد.. نەخێر! ئەبەد.. شتی جوانترتان، لە سروشتی کێویی و خۆرسک، پێدروست نابێ. ئێوە چاڵ هەڵدەکۆڵن بۆ کارەساتێکی ترسناک، ناوی نموونەی «دوبەی»تان لێناوە. لە «دوبە»یش ناوی «تایوان» و «هۆنگ کۆنگ»یان لێناوە.. هەمووشی خەون و خەیاڵی پووچە. هەمووی دامەزراوەی کارتۆنییە. داتەپێن. ئەبەد بە جوانی و قایمی و بەرزیی لانەی پەڕەسێلکەش دا، ناگەن. لە دنیاییەکی لێوا و لێوی هەژاری قرچاوە و پلیشقاوە و هاردراو و، دەوڵەمەندی لە پفدراوی تۆ خاڵی.. لە دنیایەکی وەهادا، چاوەڕوانی چیدەکەن لە کارەسات بەو لاوە؟

پەراوێز:

سەردەمێک بوو دەمویست رۆمانێک بەو ناونیشانە بنووسم کە «لەم رۆمانە، زیاتر هیچی تر نامێنێ». وازم لێهێنا، چونکە لە رادەبەدەر، خۆپەرستی و خۆبینی، تێدابوو. دیسان هەر دەینووسم.

فلك الدين كاكەيى

